وەزارەتی بازرگانی وپیشەسازی
ژمارە: لە ٢٠٢٣/٨/١٥

پاڵپشـــت بەو دەســـەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (٦) بڕگەی (٢) لە یاســـای وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠١٠ی هەموارکراو بریارماندا بە دەرچواندنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە.

ڕێنمایی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢٣
هەمواری یەکەمی ڕێنمایی تایبەت بەپێدانی چیمەنتۆ ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٢

ماددەی (١):

یەکەم: بڕگەی (**شەشەم**) هەموار دەکرێتەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

شـەشـەم: فرۆشـتنی چیمەنتۆی هاوڵاتیان بۆ یەک تەن تەنها (٤٥٠٠٠) چل و پێنج هەزار دینار بێت بۆ کۆمپانیا و شـــوێنە بازرگانیەکان بۆ یەک تەن تەنها (٧٠٠٠٠) حەفتا هەزار دینار بێت دوای ڕەزامەندی وەزارەتمان.

دووەم: بڕگەی (**نۆیەم**) هەموار دەکرێتەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

نۆیەم: هەر مامەڵەیەکی زەوی بە ناوی دوو کەس یان زیاتر بوو هەریەکەیان مشتەمەلی خۆی هەبێت یەک مۆڵەتی بینا یان هەبوو هەریەکە یان بە جیا کاری بۆ بکرێت چونکە شـــارەوانی یەک مۆڵەتیان دەداتێ واتە هەریەکەیان بە جیا چیمەنتۆ وەربگرێت.

ماددەی (٢):

ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

کمال مسلم
وەزیری بازرگانی و پیشەسازی